چیرۆکی وەرگەڕاو

# مانگ و دایک
# فریشتە نەوبەخت

و: نیژلە خالید



روباب سێوەکانی رژاندە ناو حەوزەکە و چەند دڵۆپ ئاویشی پرژاندە سەر دەموچاوی مێهراز. دەنگی پێکەنینی دوو ژنەکە بەرز بووەوە. سیسرکەیەک لەوسەر باخەکە لە توێی تۆکڵی دارەکان دەیخوێند. وێنەی مانگ لە ناو ئاوی حەوزەکە کە شەپۆڵی لێ دەدا، وردوخاش بوو.

مێهراز، دەستی بە سەر زگە زلەکەیدا هێنا و سەیری مانگی کرد. گەواڵە خۆڵەمێشییەکانی هەور، گۆشەی مانگیان داپۆشیبوو. هەردووکیان بێدەنگ بوون. لە ماڵەکە دەنگی مەنگی پیاوەکان دەهات، قسەیان دەکرد و نێرگەلەیان دەکێشا. بۆنی تووتنی

تێکەڵ بە عەتری وەنەوشەکان، ئەو ناوەی پڕ کردبوو. چەند سێوێک لەسەر ئاوەکە دەسووڕانەوە، روباب سەیرێکی کردن و گوتی:

– نازانم بۆچی ئێستا بیری دایکم کەوتمەوە.

لەو سەری باخەکەوە دەنگ بیسرا. وەک شنە یان بایەکی فێنکی ناو لقوپۆپی دارەکان. هەردووکیان سەریان بەرەو لای دەنگەکە سووڕاند، دەتگوت پشیلەیەک لە ناو دارەکانەوە تێ پەڕی بێ. مێهراز دەستی لەسەر زگی دانا و خۆی سووڕاندەوە و گوتی:

– دەزانم لە بەر مانگی چواردەی شەوە. هەندێ جار نیوەشەو هەڵدەستم و تا پێشۆرەکە رەدووی دەکەوم. رێک لێرە دادەنیشت و سەیری مانگی دەکرد، کە زۆر جاران مانگ تەواو بوو و لە ناوەڕاستی ئاسمان دەدرەوشایەوە.



روباب هەروا کە لەسەر لێواری پێشۆرەکە دانیشتبوو، پەنجەکانی پێی خستە ناو ئاوەکە، ئاوەکە شەپۆلی دا و دیسانەوە وێنەی مانگ دڕایەوە. چاوەکانی دوو ژنەکە بۆ ساتێک لێک گرێ درانەوە.

– تۆ دەزانی؟

روباب وەڵامی دایەوە:

– لە کوێوە بزانم؟

– دایکم هەندێ جار قسەی لەگەڵ تۆ دەکرد. من لە پەنجەرەکەوە دەم دیتن.

سیسرکەکە بێدەنگ بوو و دیسانەوە دەنگی وێک کەوتنی لقوپۆپی دارەکان لەوسەری باخەکەوە بیسترا. چاوەکانی مێهراز زەق بوونەوە. سەیری ئەو سەری باخەکەی کرد. دەستی لە سەر زگی دانا و گوتی:

– تەلێ دەیگوت ئەم ماڵە جندۆکەی هەیە.

– تەلێ هەمیشە لەو قسە قۆڕانەی دەگوت.

مێهراز ئاوی زاری قوت دا و گوتی:

– دەیگوت دایکیشم...

– دەمت داخە! هەر ئەو کاتە باب ئاغا دەبوو لەم ماڵە وەدەری نێ تا لەوە زیاتر زمان درێژی نەکردبایە.

ژنەکە دیسانەوە دەستی لەسەر زگی دانا و بە چاوە نیگەرانەکانی سەیری

پەنجەرە تاریکەکەی ژوورەکەی تەلێی کرد:

– وس! رەنگە دەنگت ببیستێ. پێتوایە ئەگەر ئەو نەبێ، کەسی تر ئامادە نییە ببێتە ژنی باب ئاغا؟

وەڵامی دایەوە: "گرینگ نییە." و دەستی درێژ کرد و سێوێکی لە ئاوەکە دەرهێنا: پێم وابێ فێنک بوونەتەوە. وەرە کۆیان کەینەوە  و بچینە ژووریێ. باب ئاغا چای دەویست.

مێهراز وەک ئەوەی نەیبستبێ، هات بەرەو پێشۆرەکە و بەرامبەر روباب دانیشت:

– دایکم چی بە تۆ دەگوت؟ بۆچی هەر کات لێت دەپرسم لاڵ دەبی؟

هەر دووکیان سەیری یەکتریان کرد، مێهراز شەوقی مانگی لە چاوە رەشەکانی روبابدا دەدیت.



– هەموو کات حەزم دەکرد بزانم من و تۆ بۆچی ئەوەندە لێک جیاوازین. بۆچی تۆ ئەوندە لە دایکم دەچی و من لە هیچتان ناچم؟

دەنگی کوندێک لە دوور دەهات. ئاوی حەوزەکە بێ هیچ شەپۆلێک چەق بەستوو و ئارام بوو، سێوەکان نەدەجووڵان و دوو جووت چاوی رەش و شین لێک ئاڵابوون.

باب ئاغا لە ناو چوارچێوەی پەنجەرەکەدا وەستابوو. پشتی لە رووناکاییەکە بوو و تەوژمێکی رەش لە قەڵافەتی بەرزی لە چوارچێوەکەدا رەشی دەکردەوە. هاواری کرد:

– ئەم چایە بوو بە چی؟

لقی دارەکان لەوسەر باخەوە دەجووڵان. شنەیەکی فێنک دەموچاوی دوو خوشکەکەی دەلاواندەوە. هەردووکیان سەرەتا سەیری ئەو سەری باخ و دواتر ئاسمانیان کرد. هەورە خۆڵەمێشییەکان لە رووی مانگ لاچوون و مانگ، شەوی چواردەی بوو.

تاران – گەلاوێژی ۱۳۸۷